The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
C.H.A.K
www.chak.be

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
CAK
chak_org@yahoo.com

# ناوەند چاک پشتگیر لە رۆژنامەنوسان دەکات

**دوێنیهەینی 12/14 کاتژمێر سێ پاش نیوەڕۆ لە شاری سلێمانی و هەولێر رۆژنامەنووسان بۆ گفتوگۆکردنو هەڵوێست وەرگرتن دژی ئەو یاسایەی پەرلەمانی کوردستان ، دەربارەی ئازادی رادەربرینو رۆژنامەوانی دەنگی لەسەر دا کۆبوونەوە.**

**بەبەشداری سەدان رۆژنامەنووس و هونەرمەندو رۆشنبیری شاری سلێمانی، لە سەکۆی ئازادی نێو پارکی ئازادی لە شاری سلێمانی ، بەهەمان شێوەش لە پارکی منارە لە شاری هەولێر، لەیەک کاتدا رۆژنامەنووسان کۆبونەوەیەکی فراوانیان ساز کرد، لەو کۆبوونەوە جەماوەریەدا رۆژنامەنووسان یاداشتنامەیەکیان ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد، تیایدا داوایان کرد کە یاساکە بگێڕنەوە بۆ پەرلەمان تاوەکو سەرلەنوێ گفتوگۆی لەسەر بکرێتو بەشێوەیەکی هاوچەرخ دابڕێژرێتەوە ، کە خزمەتی ئەزموونەکەمان بکاتو مافی ئازادیی بیروڕا دەربڕین بۆ هاووڵاتیان لەهەرێمی کوردستان مسۆگەربکات.**

**ئەم دوو کۆبونەوەیی رۆژی هەینی ، کە بەئامادەبوونی سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسانو سکرتێری ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانو چەند ئەندام پەرلەمانێک سازکرا، تیایدا نوێنەرانی ناوەندی چاک ئامادەبوون، پاشانیش هەر لەو کۆبوونەوەیەدا یاداشتێک ئاراستەی بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرا کە زۆرینەی ئامادەبووانی هەردوو کۆبونەوەکە ئیمزای خۆیان لەسەر کرد.**

**ناوەندی چاک لە وتەیەکدا لەبەردەم رۆژنامەنووسان، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ناوەندی چاک هەوڵدەدات لە رێگەی نوێنەراکانیەوە لە ئەوروپا، دەنگی نارەزای بگەیەنێتە پەرلەمانی ئەوروپاو ناوەندەکانی داکۆکی لە ئازادی ، بۆ ئەوەی نەتوانرێت دەنگی ئازاد بخنکێت.**

**ئەو یاسایە واتای خنکاندی ئازادی گوتن و دەربڕینە، واتای نەهێشتنی دەنگی ئازادە، کوشتنی سایت و رۆژنامەی سەربەخۆی ئازادە، بۆیە ئەو بڕیارە بە هەموو پێوەرێک دژی پرەنسیپەکانی دیموکراسی و ئازادییە.**

**ناوەندی چاک بە توندی پرۆتستۆی ئەو بڕیارەی پەرلەمان دەکات، پێیوایە ئەوە هەڵگرتنی رێچکەیەکی مەترسیدارە بەرەو دیکتاتۆریەت، بۆیە داوا دەکات ئەو بڕیارە هەڵبوەشێندرێتەوە. جگە لەوەی لە ئاستی جیهانیدا ئەو بڕیارە زیانی گەورە بە کوردستان دەگەیەنێت دەیخاتە ڕیزی وڵاتانی دیکتاتۆری ناوچەکە.**

**پێویستە لە باشووری کوردستان، پەیرەوی ئازادی دەربرین و ئازادی رۆژنامەگەری بەپێی ستانداردی جیهانی بکرێت، کەمتر لەوە زیان بە رەوتی دیموکراتیزەکردن و ئازادی دەگەیەنێت.**

**ناوەندی چاک**
**نوسینگەی سلێمانی**
15.12.2007
www.chak.be

chak_org@yahoo.com